ئێلزە لاسکە شویلەر

# - کەواتە
# - نیگای من
# - پێش ژن

لە ئەڵمانییەوە: سیروان رەحیم


ئێلزە لاسکە شویلەر

١- کەواتە

... کەواتە شەو لەگەڵ خەونی تۆدا هات
خەونێک لە ناو هەڵقرچانی مەنگی ئەستێراندا
و
رۆژ دەم بە خەندە بەلامدا تێپەڕی
و
گوڵگەلی کێویی بە حاڵ هەناسەیان دەدا

پاش سروشگەلی خۆشەویستیی تۆ
تاسەی مانگی ئەڤینم کردووە
ئێستا دەخوازم لە نێو زارتدا
کاتەخەونێکی هەزاران ساڵە داگیرسێنم

**٢- نیگای من**

**دەبێ من لە تۆ بڕوانم**
**هەمیشە بەرەو تۆ**
**بەڵام نیگای من هەموو دوورە بینینێک وێڵ دەکات**
**نیگام چوون  دووریی ئاسمان هەڵهات، دوورتر لە نەمریی**
**تۆ! ئەی تیرێژ ئەو نیگایە بکێشە،  لەگەڵ تاسەی بینینت بیکێشە**
**دەنا بۆ خۆیشم دەبێت بە ڕستەیەک کە لێی حاڵی نەبم**



ئەو شەقامەی بەناوی ئێلزە لاسکە شویلەر

**٣- پاش ژان**

**ئێستایش دەزانی**
**ئەو دەمەی نەخۆش کەوتبووم**
**ئەو دەمەی کە خوا بەجێی هێشتبووم**
**ئینجا تۆ هاتی**
**لە ڕۆژێکی پایزدا بوو**
**"با" بە نەخۆشی بە کۆڵانەکاندا گوزەری دەکرد**

**دوو چاوی ساردی ماندوو**
**دەبووا بەو چەشنە ئازاریان نەدابام**
**وەکو چاوی مرواریی ئاسات**
**ئەو دوو ئەفسانە هەڵقرچاوە**

.............................................

* خانمی شاعیر ئێلزە لاسکە شویلەر لە ١١- ٢- ١٨٦٩ لە شاری ڤوپەرتال "ئەڵمانیا" لە دایک بووە. یەکێک لە شاعیرە ناسراوەکانی ئەدەبیاتی ئەڵمانییە. ئێلزە لاسکە شویلەر جولەکەی ئەڵمانیا بوو. لە ٢٢ - ١- ١٩٤٥ لە شاری ئۆرشەلیم "ئیسرائیل" مردووە.

ئێلزە لاسکە شویلەر پاش خۆی بەرهەمی زۆری بە جێ هێشتووە، کە بریتین لە شیعر، دراما، پەخشان و چیرۆک. هەروەها نامەگەل، بەڵگە و کۆمەڵێ هێڵکاری زۆری لە پاش بەجێ ماوە.
ئەدەبیاتی ئێلزە لاسکە شویلەر شوێنی تایبەتی خۆی هەس لە ناو سەرجەم ئەدەبیاتی ئەڵمانیدا.